مارکس و مۆدێرنیتە *.. ئەکرەم سەعید

- **خوێندنەوەیەک بۆ بۆچوونی چینایەتی لە پێژەی ڕەشنگێر**

مەحاڵە لە فەلسەفەی مارکسیستی بگەیەن بە بابەتانی لە چوارچێوەی مۆدێرنیتەی ئەوروپیدا؛ چونکە مارکسیزم لە ناخی ئەو وەرچەرخانە گەورانەوە لەدایکبووە کە بزووتنەوەی ڕەشنگێری و شۆڕشی پیشەسازی هەنایانە کایەوە. لەگەڵ ئەوشدا، هەوەستی کارڵ مارکس بەرامبەر بە مۆدێرنیتە تەنها قبوڵکردنکی کوێرانە یان ڕەتکردنەوەیەکی ڕەها نەبوو، بەڵکو خاوەنی ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی دیالێکتیکیی بەوەنە بوو. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لێکۆڵینەوە لەوە بکات کە چۆن مارکس سەیری "سەرهەڵدانی مۆژوویی سەرمایەداری" کردووە، و چۆن ئەو دژایەتییە جەوهەرییانەی هەوڵشاندووەتەوە کە لەناو بەڕەنکانی مۆدێرنیتەی بەرژوازیدا سەبارەت بە ئازادی، یەکسانی و عەقڵانییەت شاردراونەتەوە، بە جۆرێک کە تەوانینکی لە ڕەوتی پێستمۆدێرنیتە و پارێزگارێ نوێیکان جیادکاتەوە؛ یانی مارکس هەردووک دیوی ڕووناک و تاریکی مانگی مۆدێرنیتەی بینییوە.

یەکەم: سەرهەڵدانی سەرمایەداری و گەڵانی مۆژوویی کارێ مارکس دەستواژەی(سەرهەڵدانی مۆژوویی سەرمایەداری)ی بەکاردەهێنا بۆ پرسەی گواستنەوەی مۆژوویی لە کۆمەڵگەی دەربەگایەتییەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری، کە ئەم پرسیە خێی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە ناوی (گواستنەوە لە کۆمەڵگەی نەریتییەوە بۆ کۆمەڵگەی هاوچەرخ یان مۆدێرن) ناسراوە. مارکس لە کتێبی "سەرمایە"دا، شیکردنەوەکانی لەسەر لایەنی ئابووریی ئەم پرسیە چەکردەوە، بەڵام هاوەڵکەی فریدریش ئینگڵس لە نووسینکانیدا وەک "(دژە دۆهرینگ)" و "(کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی)" لایەنە فکرییەکانی ئەو پرسەی گواستنەوەیەی ڕوون کردەوە. مارکس و ئینگڵس ستایشی بەرزی ڕۆڵی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازی چینی بەرژوازییان کرد لە سەرجەم مەیدانەکانی ململانێی فکری، ئابووری و سیاسی دژ بە دەسەڵاتی مادی و ڕۆحیی دەربەگەکان، پیاوانی ئایینی

و شاهانە؛ ئەوان سەرهەڵدانی سیستمی سەرمایەداریان – سەرەڕای هەموو ئەو تراجیدیانەی کە لەگەڵ خۆیدا هاوردەی بوون – بە قۆناغێکی مێژوویی باشتر لەوەی پێش خۆی دادەنا. هەروەها پێیان وابوو کە بزووتنەوەی ڕزگاری بە عەقڵانییەت و فەلسەفە لیبراڵییەکەیەوە، شانبەشانی پیشەسازی و دەرئەنجامەکانی لە گۆشەکردنی سەرمایەداریدا، و شانبەشانی فەرەنسا و دەرهاوشتەکانی لە دیموکراسی، مافە مەدەنییەکان و عەلمانییەت، پرسیارکردن لە دەسەڵاتی کڵێسا و مەزنیان پێکهێنا بە لەدایکبوونی کۆمەڵگای مەدەرن (واتە کۆمەڵگای بەرژوازی سەرمایەداری).

دووەم: ئاژاوەی بازاڕ و دژایەتییەکانی عەقڵانییەتی بەرژوازی لایەکی تریەوە، مارکس تێبینی ئەوەی کرد کە ئەم کۆمەڵگە مەدەرنە لە یەکەم ڕۆژی لە دایکبوونییەوە، دژایەتی و کێشمەکێشی ترسناکی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە لەناو هەر یەکێک لە دیاردە فکری، سیاسی و ئابوورییە نوێیەکانیدا. مارکس لە شیکردنەوەکانیدا لە کتێبی "سەرمایە" پیشانی دەدات کە یاسای ئابووریی سەرمایەداری کە پرسیاری بەرهەمهێنان لەم کۆمەڵگە مەدەرنەدا لەسەری وەستاوە بریتییە لە (یاسای بەرهەمهێنانی زێدەبایی)؛ بەو مانایەی کە دەرئەنجامی پرسیاری بەرهەمهێنانی ئەم سیستەمە، لە لایەکەوە، لە بەرژەوەندیی کڵێکبوونی سامانە بە کەمینەیەکی کۆمەڵگە (واتە بەرژوازی)، و لە لایەکی ترەوە، دابەشتە هەژاری و بێکاری بە زۆرینەی هەرە زۆری ئەندامانی کۆمەڵگە (واتە کرێکاران). لەڕوانگەی مارکس ڕوونی دەکاتەوە کە عەقڵانییەتی سیستم لە کۆمەڵگەی مەدەرندا بەدەست کەمکۆی قورسەوە دەناڵێنێت؛ چونکە ئەوپەڕی ئەوەی کە بەرژوازییەک دەتوانێت بە عەقڵانیانە پلانی بۆ دابنێت، لە سنووری کارگەکەی خۆی تێپەڕناکات، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و جیهان، ئاژاوەی بازاڕ و ناعەقڵانییەتی ئەون کە حوکم دەکەن و زاڵن. ئەمش بە تەواوی دژبەیەکە لەگەڵ ئەو عەقڵانییەتی سیستەمەی کە بیرمەندانی بەرژوازی لە بزووتنەوەی ڕۆشنگەریدا داوایان دەکرد. هەروەها مارکس لە ڕۆگەی شیکردنەوەی بە (یاسای میلی دابەزینی تێکڕای قازانج)، سەلماندی کە سیستمی کۆمەڵگەی مەدەرن ڕووبەڕووی قەیرانی ئابووریی خولیی دەبێتەوە، کە دەبێتە هۆی لەناوچوونی سامانی کۆمەڵگە، و خزانی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی چینی کرێکار و بەرژوازی بچووک بۆ ناو

بەکاری و هەژاریی ەها.

سێیەم: وەهمی ئازادی و یەکسانیی ەواەتی لە مێدانی ئازادی و چەمکەکێدا، مارکس ەوونی کردەوە کە ئەم ئازادییە کەمکوەە؛ چونکە لە کەتاییدا واقیعیبوونی پیادەکردنی ئازادی لە کەمەگەی چینایەتی مەدەرندا بەستراوەتەوە بە پگەی تاک و شونی لە دابەشکاریی چینایەتیدا، بە جۆرێک کە پیادەکردنی ئازادیی ەاستەقینە بەندە بەوەی کە تاک چەندە خاوەنی سامانە. بە نموونە: ئگەر بتەوەت بچیتە ناو چێشتخانەیەک، یان گشت بکەیت بە شونێک بە حەوانەوە، ئەوا یاسای ئازادی لە کەمەگەی مەدەرندا نییە کە ەگەت پێدەدات یان ەگریت لەدەکات یان هەبژاردنەکانت دیاری دەکات، بەکو بەی ئەو پارەیەی کە هەتە و توانای دارایی خت بە دانی تێچووەکان، ئەوانەن کە هەبژاردنە واقیعییەکانت دیاری دەکەن. هەمان شت بەسەر یەکسانیشدا جێبەجێ دەبەت؛ کاتێک هاوەاتیان تەنها لە شەوازی یاساییدا یان لەبەردەم یاسادا یەکسانن، ئەم یەکسانییە ەواەتییە (شکییە) بەهای ەاستەقینەی خۆی لەدەست دەدات کاتێک هاوەاتیان لە ەووی ئابووریەوە نایەکسان بن. ەێک وەک ئەو یاسا بەناوبانگەی کە دەەت:(خەوتن لەژێر پردەکاندا قەدەغەیە بە هەر تاکێک، چ دەوەەمند بت یان هەژار **)؛ بەڵام کە لە واقیعدا ناچارە لەژێر پردەکاندا بخەوەت لە هەژار و لانەوازان زیاتر؟. بەم شێوەیە هەموو یاساکانی کەمەگەی مەدەرن دژ بەوانە جێبەجێ دەکرێن کە خاوەنی هیچ نین، یان کەمترین شتیان هەیە، و لەبەر ئەوە یەکسانی نێوان هاوەاتیان دەبەتە یەکسانییەکی ەواەتی نێک کرداری و واقیعی.

چوارەم: تێپەاندن نێک لە نەوبردن (ەخنەی مارکس لە مەدەرنیتە) بە سەرنجدان لەمە، ەخنەی مارکس بە مەدەرنیتە و ەشنگەری ەخنەیەکی چینایەتییە لە ەوانگەی سۆسیالیستیی کرێکارییەوە؛ لە لایەکەوە دەبینین چەندە وێک هەنگاوێکی پشکەوتنخواز بەرەو پشەوە لە مەژووی مرۆقایەتیدا دەنرخنەت، بە هەمان ئەندازەش ەخنەی لەدەگرەت و خەبات دەکات لەپناو تێپەاندنی و گشەپدان و بەرزکردنەوەی لە کەمەگە و سیستمێکی نوەدا.لەرەدا ەوانگەی مارکس لە ەوتە فەلسەفییەکانی تر جیا دەبەتەوە: مارکس داوای "تێپەاندنی" مەدەرنیتە دەکات نێک "لە نەوبردنی" و کەوتنە ناو

پووچگەرایی (عەدەمیەت) و ئاژاوە، وەک ئاوەژوی لەو بۆچوونەدا هەیە کە لایەنگرانی فیلاسوفانی پۆستمۆدێرنەوە وەک (نیچە و هایدیگەر). بۆچوونەکانی مارکس بۆچوونێک نییە بە تەواوکاری لەگەڵ مانەوە لە سنووری مۆدێرنیتەدا وەک ئاوەژوی یەرگن هابەرماس باوەڕی پێیەتی. هەروەها بۆچوون و تێگەیشتنی هەڵگری و مۆدێرنیتە نییە بە پاشکۆ بردو پێش-مۆدێرنیتە (گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگای نەریتی یان کۆنپارێز) وەک ئاوەژوی لیۆ شتراوس و پارێزگارە نوێیەکان دەیانەوێت.
کۆتایی و دەرئەنجامەکان: لە کۆتایی ئەم کورتە وتارەدا دەگەینە ئاو دەرئەنجامەی کە بۆچوونی مارکس بە مۆدێرنیتە نوێنەرایەتی تێزێکی بوونی دەکات کە لە دووانەی قبووڵکردنی بۆچوونەکان یان تێکردنی پووچگەرایی تەدەپڕۆت؛ دەکرێت گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم بۆچوونە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

- دیالێکتیکی پشکۆتن و چۆوساندنەوە: سەرمایەداری هەنگاوێکی مێژوویی پشکۆتنخواز بوو کە کۆتوبەندکانی دەربەگایەتی تێکشکاند، بەڵام لە هەمان کاتدا مەرجی نوێی بۆ چۆوساندنەوە و ڕشتنی خوێن هێنایە کایەوە.
- واڵێتیبوونی بنەما لیبراڵییەکان: عەقڵانییەت، ئازادی و یەکسانی لە کۆمەڵگای مۆدێرندا تەنها بنەمای "واڵێتی" و یاسایین، و بە دەستوورستان و سنووردار دەمێننەوە مەگەر ئاوەژوی یەکسانی ئابووریی ڕاستەقینە بتە دی و دژایەتییە چینایەتییەکان چارسەر بکرێن.
- "تێپەڕاندن"((Aufhebung)): چارسەری مارکسیستی بۆ قەیرانی پەکهاتەیی مۆدێرنیتە لە تێکدانی دەستکۆتکانیدا نییە وەک ئاوەژوی پۆستمۆدێرنیتە دەیکات، نە لە پاشکشەکردن بردو ڕابردوو (وەک ئاوەژوی پارێزگارە نوێیەکان دەیانەوێت)، بەڵکو لە تێپەڕاندنیایەتی؛ واتە لە پاڵنانی ئەم دەستکۆتانەیە بردو ئاوپەڕی خۆی و ڕزگارکردنیان لە چوارچێوەی سەرمایەداریەکان لە ڕێگای گواستنەوە بۆ کۆمەڵگای سۆسیالیستی.

پەراوێز:

- ئەم وتارە وەرگێڕانی بەشی یەکەمی وتارێکمە (مارکس و

الحداثة .. ملاحظات من دفاتر اليومية ١- أكرم سعيد)، کە لە بەرواری ٢٠١٢ / ٧ / ١٥ بە زمانی عەرەبی لە ماڵپەڕی (الحوار المتمدن) بڵاوکراوەتەوە.
** خاوەنی ئەم وتە بەناوبانگە ئەدیب و ڕۆمانووسی فەرەنسی (ئاناتۆل فرانس Anatole France)ە. ئەم وتە تائێستاش و قووڵ لە بیشی حەوتەمی ڕۆمانە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی "نەرگسی سوور Le Lys Rouge" هاتووە کە لە ساڵی ١٨٩٤دا بڵاوکراوەتەوە، و دەقی تەواوتیەکەی بەم شێوەیە:"یاساکان، لە یەکسانیی شکۆدارەکەیاندا، هێگری لە دەوڵەمەند و هەژار دەکەن بە یەک شێوە: لە خەوتن لێژەر پردەکاندا، سوالکردن لە شەقامەکاندا، و دزینی نان".

هۆشاندنەوەی هەستەو دروستکردنی نەتەوە.. نووسینی: عەتا قەرەداخی

ڕەنگە دیمەنێکی نائاسایی بێت کاتێک دەبیستین یان دەبینین پارتێکی سیاسی یان هێزێک کە خەڵکی وەک هێزی نەتەوەیەکی بندەست نمایش دەکرد، بە بەدستهێنانی یاسایانەی لایەنی کەمی داواکارییە نەتەوەییەکانی بەیاری خەڵکەوە بڵاندنەوە بدات. هەستەکە کە لە دەخی لاوازی دەوڵەتی سوریادا پڕەی ساندو بەڵێنەوبڕێتی خەساری لێو بڕشایی‌یەدا دامەزراند، کە دەوڵەتی داگیرکەری ناوخۆیی سوریا لەبەر بەتوانایی پاشکۆی لێکردو چێیکرد. لێو دەخەدا کە هەستەکە وەکو هێزی یەکەمی کوردی یان نەیاری دەوڵەت خەی دەنواند، ئامادەنەبوو هاوپەیمانی یان یەکەتی و یەکبوون یان هەر هیچ نەبێت بڕیەک لەگەڵ هێزە کوردییەکانی تری ڕۆژاوادا پێکبهێنێت. لەکاتێکدا ئەم لێوانی تر بەهێزتر بوو، لە هەر هاوپەیمانی و بڕیەکدا هەرخەی دەبووە هێزی یەکەم. هەکاری ئەوەش زیاتر لە دڕەوەی دەسەڵات و ئیرادەی هەستەبوو، چونکە لە راستیدا هەستەبە وەک لقێکی پەکەکە وابوو، دیارە لایەنەکانی تری کوردی سوریا کە زیاتر لە قەستەدا کەبووبوونەوە وەک

لقکی پارتی دیموکراتی کوردستانی-عێراق وابووون. ناکۆکی و دژایەتیکردنی یەکتری پەکەکەو پارتی لەسەر پێگەی باکورو رۆژئاوا لە نێو لایەنگانی رۆژئاوادا رەنگی دایەوە وەناکرایەوە. ئەمە بەجگە لەوەی کە هەسەدەش وەک پەکەکە بەرنامەی ئایندەی بە کوردستان نە سەربەخۆیی و نە جیاکردنەوەی کورد بوو وەک ئیتنیکێکی جیاواز، بەڵکو هەسەدە خۆی سەرباری ئەوەی کە هێزی سەرەکی لە پێکهاتنیدا کوردی رۆژئاوا بوو، بەڵام خۆی وەک کۆکەرەوەی هێزە دیموکراتەکانی سوریا نمایش دەکردو ئامانجی خۆباتی هاوبەش و رێکردن بوو بەرەو پێکهێنانی کۆمەڵگای دیموکراتیک و فیدراسیۆنی دیموکراتیکی گەل کە مەبەست دیموکراتی و پیکەوەژیانی ئیتنیک و نەتەوە جیاوازەکان بوو لە سوریادا.

ئێستا بەیاری خەڵکەوشاندنەوەی پەکەکە هاوتەریبە لەگەڵ ئەوەی تورکیا پێی دەڵێت کۆتاییهێنان بە تیرۆر لە تورکیاو ئاپۆو پەکەکەو دەم پارتی پێی دەڵێن پرسەی ئاشتی، کە لە راستیدا جۆرێکە لە خەڵەتاندستکردن لەبەرمبەر سفر مافی نەتەوەیی کورددا. بەڵام ئایا ئەم خەڵکەوشاندنەوەیەی هەسەدە لە لایەک پێویستە بە کورد وەک گروپێکی ئیتنیکی پەراوێزخراو و کەمینەی ناوخۆیی لە سوریادا چی دەگەیەنێت؟ ئەی ئایا پێویستە بە گروپ یان نەتەوەی عەرەب وەک گروپی ناوەندو خاوەن دەوڵەت و خاوەن هێزو هێزموون کە لە پێگەی کەمینالیستی ناوخۆییدایە چی دەگەیەنێت؟

ئاشکرایە کە کورد لە مێژوویەکی کۆنەوە لە ناوچەکانی جزیرەو عەفرین و کوبانێ و چەند شوێنێکی تری ئەو جوگرافیایەی کە ئێستا ناوی سوریایە، بوونی هەبووەو بوونی لەوە دەکەوێتە پێش هاتنی عەرەب مسوڵمانکانەوە کە پێش پرسەی فەتح بوونیان تەنها لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بوو. سەرچاوەکانی مێژوویی ئیسلامی و بوونی چەندین قسەاو شوێنەواری کوردی لە شام بوونی دێرینەی کورد لەوە دەسەلمینن. بەڵام راستیەکیش هەیە ئەویە کە کورد لەو بەشی نیشتیمانەکەیدا هاوشانی بەشەکانی تر پێکهاتەی دواکەوتووی خەڵایەتی بووە، کە دابەشبووە لە نێوان ژیانی شوانکارێی کۆچەری و ژیانی نیشتەجێی کشتوکاڵیداو پەرەسەندنەکی ئاسایی ئەوتەی نەبووەو لە قۆناغەکانی مێژووی خۆیدا پەدەچێت وەکو ئیتنیک و کۆمەڵگا ئاساییەکان گۆشەی نەکردبێت، هەربۆیە بە درێژایی مێژووی بوونی لە دەرکەوتنی ئیتنەسی کوردیەوە لە پەراوێزی مێژوودا بووەو هەمیشە بەکارهێنراو بووەو هەرگیز نەبووەتە بکەری سەر جوگرافیای خۆی. بەڵام دیارە ئەم دۆخی کە ئێستا رۆژئاوای پێدا تێدەپەڕێت بەرهەمی

تەنها ئەو چەند سالە نیە کە هەستدەی تێدا دەرکەوتووە و دەستاتی ناوخۆیی هەبووە و ئەستاش خەی هەندەوشێنێتەوە، بەڵکو بە لایەنی کەمەوە، ئەو دەخە پەیوەندی بە مێژووی سەدیەک زیاتری رابردووەوە هەیە، واتە بەشێک لەهەکارەکانی ئەم دەخەی ئەستا دەگێڕێتەوە بۆ رێکەوتنی سایکس پیکەی ساڵی ١٩١٦.

لە رێکەوتننامەی سایکس-پیکەدا کە لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا بۆ ئاگاداری روسیای قەیسەری بەسترا، تێیدا بەیاردرا، پاشماوەی دەوڵەتی عوسمانی لە رێژەیەکی ناوەڕاست، لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا دابەشبکرێت. کوردستانی عوسمانی بەر ئەو دابەشکردنە کەوت و سەرئەنجامیش دابەشکرا بەسەر سێ دەوڵەتدا. بەشێک کەوتە سنووری ئەو دەوڵەتەی بەناوی سوریاوە دروستکراو لەو دابەشکردنەشدا سوریا بەر فەرەنسا کەوت. دوای ئەوەی سوپای فەرەنسا لە نیسانی ١٩٢٠دا شاری دیمەسقی داگیرکرد، راستەوخۆ هەموو سوریا کەوتە ژێر دەسەڵاتی فەرەنساوە و هەر لەو کاتەش بەدواوە سوریا خرایە ژێر سایەی ئینتیدابی فەرەنسیەوە. فەرەنسیەکان بینیان پێکهاتەی دانیشتوانی سوریا فرە ئیتنیکی و فرە ئایینی و فرە مەزهەبیە، بۆیە دەبوو سیاسەتێک بگاربهێنن کە بۆ ئاسانی ئەو هەموو جیاوازیە رکەف بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش دەکرا دەوڵەتێکی دیموکراتی لە سوریادا دروست بکەن و لەسەر بنەمای چەمکی هاوواتیبوون و یەکسانی هەموان لە ئەرک و مافداو بە پاراستنی تایبەتمەندیە ئیتنیکی و ئایینی و مەزهەبیەکان بنیاد بنرێت، کە ئەوەش مانای پارێزگاریکردنە لە ناسنامە ناوخۆییەکان و لە پشتی ئەوەشەوە لەسەر بنەمای جوگرافیا نەک ئیتنیک نەتەوە-گەلی سوریا پێکبهێنرێت، بەجۆرێک کە هەموان بکاتە خاوەنی یەک ناسنامە کە ناسنامەی سوریایی. بەڵام فەرەنسیەکان ئەمەیان نەکرد، بەڵکو رێگای دووەمیان هەڵبژارد کە هەمان بیرکەی پەرتکەو زاڵبەی ئیمپریالیزم بوو. ئەمان هاتن سوریایان دابەشکرد بە چوار دەوڵەتچکەی ناوچەیی و ئیتنیکی و مەزهەبی وەک دەوڵەتچکەی دیمەشق، دەوڵەتچکەی حەڵەب، دەوڵەتچکەی عەلەویەکان و دەوڵەتچکەی چیای دروز. لێرەدا کە سیری نەخشەی دابەشکردنی سوریا لە رووی بەڕێوەبردنەوە دەکەین، کە دروستکراوی فەرەنسا بوو، نە کوردو نە مەسیحی و نە ئەرمەن کە چەند پێکهاتەیەکی جیاواز بوون هیچیان نەبوونە خاوەنی دامەزراوەی بەڕێوەبردن.

ئاشکرایە بە پێچەوانەی زۆربەی ناوچەکانی نیشتیمانی عەرەبیەوە، هەستی نەتەوایەتی لای دەستەبژێری خوێندەواری عەرەبی لە سوریادا بە

تایبەتی لە شارەکانی دیمەشق و حەلەب لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو پێش جەنگی یەکەمدا دەرکەوتبوو. لە دوای ئەوەی سوریا کەوتە ژێر سایەی ئینتیدابی فەرەنسیەوە، ئەو هەستە زیاتر پەرەی سەندو دەستبژێری ناسیونالیست بەرەو پێکهاتن دەچوو، بەجۆرێک لە ماوەی ئینتیدابدا (١٩٢٠-١٩٤٦) بە ئاشکرا دژایەتی سیاسەتی فەرەنسای دەکرد، بەجۆرێک لە سەرەتای سالانی سیەکاندا گەیشتە ئاستی بەرەنگاربوونەوەو لە رووداوستانی داگیرکاری فەرەنسی. پارتی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی سوریا کە ئینتوان سەعادە لە سەرەتای سیەکاندا دایمەزراند رابەرایەتی رزگارکردنی سوریای دەکرد لە دەستی داگیرکاری فەرەنسی. لەبەرامبەر فشاری ناسیونالیستە عەرەبەکانی سوریادا، فەرەنسیەکان هەر لە سەرەتاوە هەزی جەراوجەریان لە کوردو مەسیحی و دروزو ئەرمەن دروست دەکرد. هەروەها فەرەنسا بە ئەوەی بوار بە ناسیونالیستە عەرەبەکان نەدات یەکبگرن، بەردەوام بەربەستی لەبەردەم پەرەسەندن و سەقامگیریدا دادەنا. بە ئەو مەبەستەش لە جیاتی دروستکردنی سیستەمێکی دەوڵەتی کە نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان بکات زیاتر هەوێدەدا ناکۆکیە ناوخۆییەکان بڕەوپێبدات و بە پاڵپشتکردنی سادەو ناکاریگەری ئەوانی تر، زیاتر هەستی ناسیونالیستانەی عەرەبەکان بەرامبەر بە سەرجەم پێکهاتەکانی تر بجوڵێنێت و لەبەرامبەر عەرەبی سوریادا وەک نەیار وێنایان بکات. فەرەنسا تەنانەت بواری ماندوو پێدانی مافی نیشتەجێبوونی بەو کوردانە دا کە لە دوای شکستی راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) و هەروەها لە دوای ئەویش لە دوای شکستی راپەڕینی ئارارات لە ترسی ستەم و کوشت و بڕی ئەتاتورک هەڵهاتبوون. گومان دەکرێت مەبەستی فەرەنسا لەو کارەی یارمەتیدانی کوردەکان بووبێت بەڵکو زیاتر بۆ فشاردانان بوو لەسەر ناسیونالیستە عەرەبەکان و دروستکردنی پشۆیی زیاتر. دوای تەوابوونی ئینتیداب ئەم کارەی فەرەنسا، بووە پاساو بۆ ناسیونالیستە عەرەبەکان کە بڵێن کورد لە سوریادا بوونی نیەو ئەوانەی خۆیان بە کورد دەزانن ئەوانەن کە لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ تایبەتی لە باکورو باشوری کوردستانەوە هاتوونەتە سەر خاکی سوریا. ئەوەش بووە پاساو بۆ ئەوەی لە سەرژمێری ساڵی ١٩٦٢دا سەدو بیست هەزار کورد لە مافی بەدەستهێنانی ناسنامەی سوری بێبەشکران.

هەرچەندە لە ساتەوەختی ئینتیدابدا دەستبژێری ناسیونالیستی عەرەبی سوریا خواستی سەربەخۆیی وڵات و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی عەرەبی سوری هەبوو، بەجۆرێک کە دەوڵەتێکی عەرەبی و خاوەن ناسنامەی عەرەبی بێت و گەلی سوریاش بشۆوێک پێکبێت کە

چەقی پەکهاتنی ئیتنیکی عەرەبی بێت و ئەو نەتەوەی کە دەوڵەتی سوریا دروستی دەکات نەتەوەی عەرەب بێت، واتە یەک ناسنامەی هەبێت کە ناسنامەی عەرەبیە، بەڵام ئەو خوونەی ناسیونالیزمی عەرەبی سوری نەهاتدی هەتا کەتاییهاتنی ئینتیداب لە ساڵی ١٩٤٦دا. کەواتە ئەو هەنگاوانە چی بوون کە دەوڵەتی سوریا لە دوای سەربەخۆیی وەک دەوڵەتی نەتەوەیی عەرەبی بە ئەو مەبەستە لەبەری گرتن؟

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە فەڕەنسیەکان سوریایان دابەشکرد بە چەند ناوچەیەکی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای ئیتنیکی و ئایینی و مەزهەبی. لە دوای ئینتیداب دەوڵەت ئەو ناوچە ئیداریانەی لە شێوەی دەوڵەتچکەدا بوون هەڵوەشاندەوە و یەک سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوەندی دروستکرد کە هەموو وڵاتی کرد بە یەکەیەکی ئیداری لەژێر ناوی دەوڵەتی عەرەبی سوریادا. لە ساڵی ١٩٥٠دا دەستووری سوریا دانرا، کە لە ناوەڕۆکدا دەستورێکی دیمۆمراتی بوو، باسی چەمکی هاووڵاتیبوون و نەبوونی جیاکاری ئیتنیکی و ئایینی و مەزهەبی و کەمایەتی دەکردو پەداگری لەسەر یەکسانی لە ماف و ئەرکدا دەکرد. بەڵام دیارە لە جێبەجێکردندا شتیکی تر بوو. هەروەها دەوڵەتی سوریا لە دوای ئینتیداب رەتیکردەوە پەست و پێگەکانی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئیتنیکی و ئایینی و مەزهەبی دابەشبکرێن، بەڵکو پەداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە هەموو ئەوانەی لەسەر خاکی سوریا دەژین سوریایین و خاوەنی ناسنامەی سوریایین و بە پێی تواناو لیهاتوویی ئەرک و مافیان هەیە. هەروەها ئەو هەڵە ناوچەییانەی کە فەرەنسیەکان بە پێکهاتە و خەڵکانیان دروستکردبوو، دەوڵەتی نوێ هەڵیوەشاندەوە و سوپایەکی دروستکرد بە ناوی سوپای عەرەبی سوری و پێویستی نەدەکردن بەو سوپایەوە ئیلزامی بوو، هیچ کەسێکی سوریای نەدەبەخشی. خاڵێک کە دەوڵەت و دەستبژێری ناسیونالیستی سووری پەداگریان لەسەر دەکردو کردیان بە بنەمای هاووڵاتیبوون و بەدەستهێنانی ناسنامەی سوریایی " بیری عەرەبی " بوو واتە بە چەقکردنی ئیتنیکی عەرەبی و باوەڕبوون بەو ئیتنیکەو دانان بەوەدا کە سوریا وڵاتێکی عەرەبیەو هەرکەس لەسەر خاکەکەی بژی عەرەبەو بەجگە لە ناسنامەی عەرەبی، سوریا هیچ ناسنامەیەکی تری نیەو ئەوەی لەسەر خاکی سوریا، دەبێتە خاوەنی ناسنامە عەرەبە. ئەمەش چوارچێوەی ئەو تیرییە بوو کە بیری ناسیونالیستی عەرەبی سوریاو دەوڵەتی نەتەوەیی سوریای دوای سەربەخۆیی لەسەر بنیادنرابوو. هەر ئەم تێروانینەش بنەمابوو بە دروستکردنی نەتەوەیان گەلی عەرەبی سوریا. هەروەک بە فەرمیش ناوی دەوڵەتەکە کرا بە " کەماری عەرەبی سوریا".

هەروەها دەوڵەت لە بواری پەروەردەدا، هەموو ئاو قوتابخانەی هەوشاندەوە کە پێویستبوون بە پەروەردەی جیاوازی پێکهاتە ئیتنیکی و ئایینی و مەزهەبیە جیاوازەکانەوە، کە لە سەروختی ئینتیدابدا فەرانسا پشتگیری دەکردن و بە زمانی تایبەتی خۆیشیان دەیانخوێند. لەبری ئەوە دەوڵەت یەک سیستەمی پەروەردەی یەکگرتووی بە هەموو وڵات دانا و خوێندن تەنها بە زمانی عەرەبی بوو، کە زمانی فەرمی دەوڵەت بوو، هیچ زمانێکی تر مافی بەکارهێنانی گشتی نەبوو. مەبەستی دەوڵەت لە خوێندن تەنها بە زمانی عەرەبی و خوێندنی مێژووی عەرەب و ئیسلام بە ئەوە بوو کە لە رێگای پەروەردەوە بیرکردنەوەی عەرەبیانە لە کۆستی کەمایەتی هەموو پێکهاتەکانی سوریادا بچەسپێنن کە دەوڵەت بە پێی دەگوت گەلی عەرەبی سوریا. مەبەستی دەوڵەت ئەوە بوو کە خوێندن بە عەرەبی واتای بیرکردنەوەیە بە عەرەبی، ئەوەش گەوهەری پێکهێنانی ناسنامەی عەرەبی تاکەکەس و کەمەگایش بوو لە سوریادا. بگومان لە دەستووری سالی ١٩٥٠دا ئەوە جێگیرکرابوو کە: کە گەلی سوریا بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب". ئەم بۆچوونەش رێگاخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی سوریا لەگەڵ میسر لە سالی ١٩٥٨ کەماری عەرەبی یەکگرتوو پێکبهێنێت. دیارە ئەگەر ئەو کەمارە بەردەوامبووایە تواندنەوەی ئیتنیکی کوردی زۆر ئاسانتر دەبوو، چونکە لە رووی ژمارەوە کورد ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نەدەبوو. دوای هەوشاندنەوەی کەمار، ئەفسەرانی ناسیونالیستی سوریاو دەسەڵاتی دەوڵەتی سوریا بەرامبەر بە پروپاگەندەکانی ناسریەکان کە گوایە سوریەکان ناپاکی لە چەمکی عروبە دەکەن، هەندەی تر سوریەکان لەسەر چەمکی عروبە تووندبوون. بەجۆرێک ئەگەر جومگەی زۆر لاوازیش تا ئەوکاتە مابووبێت بە کورد کە گوزارشتی کوردبوونی خۆیی لێوە کردبێت، ئەوا دوای هەوشاندنەوەی کەماری یەکگرتوو ئەوش نەما.

لە ساڵی ١٩٦٢، دەوڵەت سەرژمێری کرد لە جزیرەو دوو هەڵبژاردە بە خێرێک هەبوو کە مەبەست کوردەکان بوو، یان خۆیان بە عەرەب تۆمار دەکەن یان ناسنامەیان پێنادرێت. لەم سەرژمێریەدا ١٢٠ هەزار کورد ئامادەنەبوون بە عەرەب خۆیان تۆمار بکەن، لەبەرئەوە ناسنامەیان پێندراو بە ناسنامەی سووری مانەوەو تا ساڵی ٢٠١١ ژمارەیان گەیشتبووە سەروو ٣٠٠هەزار کورد کە بە ناسنامە ماباوونەوە(کریم الاتاسی، سوریا قوە الفکرە المشروع الوطنی والهندسات الدستوریە، ص ٢٤٥). لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٣دا، پارتی بەعس وەک رابەری ناسیونالیستی عەرەبی لە سوریا دەسەڵاتی گرتە دەست و دوای ساڵێک دەستووری کاتی کەماری سوریای دانا و زیاتر بەرگی عروبەی کرد بە

بڕی سوریادا، بەجۆرێک کە ناسیونالیزمی عەرەبی سوریا گەیشتە لوتکەی شۆڤێنیزم و ڕەگەزپەرستی. لە مادەی یەکەمی ئەو دەستوورەدا هاتووە: وڵاتی سوریای عەرەبی کۆمارێکی دیموکراتی میللی سۆشیالیستی خاوەن سەروەرێ و بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی..گەل لە سوریادا بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و بەوای بە یەکێتیی عەرەبی هەیە و لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو یەکێتیەدا خەبات دەکات". بەگومان ئەوەی دەبینرێت هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی نوێی سوریاوە بە هەموو شێوەیەک نکۆڵی ئەوە کراوە کە بەجگە لە عەرەب دان بە بوونی هەر پێکهاتەیەکی تری ئیتنیکی یان ئایینی لە سوریادا بنرێت. دەوڵەتی سوریا بە تایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٤٦، کە کۆتاییهاتنی ئینتیدابی فەرەنسی بوو، هەوێداوە لە ڕەگەی جەراوجەڕەوە ئیتنیکی کوردی لەو وەڵاتەدا بتوێنێتەوە و لەناوی ببات و لە ڕەگەی بە عەرەبکردنی کوردو هەموو ئەوانی ترەوە نەتەوەی سوریا پێکبهێنێت کە ناسنامەکەی عەرەبیەو جێگای غەیری عەرەبی تێدا نابێتەوە. ئەم سیاسەتە هەتا هەڵهاتنی بەشار ئەسەد لە ٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤دا بەردەوامبووە.
ئایا لە دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی ناسیونالیستی شۆڤێنی عیلمانی بەعسی سوریا و هاتنی ئەحمەد شەرع کە تیرۆریستێکی داعشی ئیسلامی بوو، پاشان سیاسەتی بە ئیتیکی ئەمەریکا لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا هەنایان و قات و بێنباخیان لەبەرکردو کردیان بە سەرکەی سوریا، دەخی سیاسی سوریا چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە؟

بەگومان ناکرێت هەڵوەشاندنەوەی هەسەدو ڕازیبوونی مەزڵوم عەبدی و ئیلهام ئەحمەد بە وەرگرتنی پێستی کارتۆنی لە حکومەتی سوریاداو فەرامۆشکردنی مافە نەتەوەییەکانی کوردی ڕۆژئاوا، لە دەرەوەی تەروانینی ئەمەریکاو ڕۆژئاواو تورکیا بە ناسنامەی دەوڵەت و پێکهێنانی نەتەوەی سوریا سەیر بکرێت. بەگومان لە ڕۆژئاوا لە سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە ئاراستەیەک هەیە کە لە دوای جەنگی یەکەمەوە زیاتر بەرەو بادەستی دەچێت ئەویش داوای پێکهێنانی نەتەوە- گەل دەکات لەسەر بنەمای سیاسی یاسایی هاوبەش بە پشتگوێخستنی جیاوازی ئیتنیکی کە بە ئاراستەی ناسیونالیزمی مەدەنی یان ناسیونالیزمی لیبریالی دەناسرێت، کە بەوای وایە نەتەوە بریتیە لە کۆمەڵگای هاووڵاتیانی یەکسان لە ئەرک و مافدا، واتە یەکسان لەبەرامبەر یاساداو ئەوەی کیان دەکاتەوە پێوەستبوون و ولائە بە دامەزراوە سیاسی و دەستووریەکان، نەک پێوەستبوون و ئینتیماو وابەستەیی بە بنەمای ئیتنیکی و زمان و کەلتووری جیاواز. جێن لەک پێیوابوو ڕەوایەتی دەوڵەت لە ڕازیبوونی خەڵکەکەی و پارێزگاریکردن لە مافە

سروشتیەکانیانەوە دەت و ئینتیما بە کۆمەڵگای سیاسی هەبژاردنەکی خەیی خەڵسکە کە پشت بە دەستبەرکردنی مافەکان دەبەستێت نەک بە پەیوەندی و رایەڵەی خوێن و ئیتنیک. هەروەک جان جاک ڕۆسۆ بروای وابوو هاووڵاتیبوون بنەمای سەرەکی نەوان ئەندامانی کۆمەڵگایەکی پەیوەستبوونی ئیتنیکی. ئێرنست رێنان گفتوگۆی ئاوەی کرد کە نەتەوە لەسەر بنەمای ئیتنیکی و زمان و ئایین و بەرژەوەندی ئابووری پێکنایەت، بەڵکو وا باسی نەتەوە دەکات کە ڕاپرسییەکی ڕۆژانەیە کە ئەندامان تێیدا گوزارشت لە ئارەزووی هوشیارانەی خەیان بە پێکەوە ژیان و بنیادنانی داهاتووی هاوبەشیان دەکەن. هەروەک تۆژەرانی نوێی بواری ناسیونالیزم لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە زیاتر پێداگری لەسەر دروستبوونی نەتەوە وەک بەرهەمی پێکهاتنی دەوڵەت دەکەنەوە کە بریتیە لە هەوەشاندنەوەی نەتەوە لە سەر بنەمای ئیتنیک و لەبری ئاوە پێکهاتنی نەتەوەی نوێ وەک پێکهاتەو قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە پێکهاتنی لە ڕێگای دامەزراوەی دەوڵەتەوە دەبەت، واتە دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات نەک ئیتنیکی هاوبەش و زمان و مێژوو کەلتورو ئایین و شارستانیتی هاوبەش. ئیرنست گیلنەر پێیوایە کە نەتەوەی هاوچەرخ بەرهەمی پێداویستی سەردەمی پیشەسازی و پەروەردەی دەستجەمێ کە دەوڵەت بەڕێوەی دەبات بەمەبەستی لەدایکبوونی کەلتوورێکی هاوبەشی ئاوەتە کە تێیدا ئینتیمای ئیتنیکی و خەڵایەتی و ناوچەیی تەسک دەتوێتەوە. بیندیکت ئەندرسەن سەبارەت بە پێکهاتنی نەتەوە یان گەل کتێبێکی بەناونیشانی" کۆمەڵگە خەیاڵیەکان" نووسیووە و تێیدا وا پێناسەی نەتەوە دەکات کە بریتیە لە " کۆمەڵگەیکی سیاسی خەیاڵکراو و دیاریکراو کە سەروەری هەیە"، هەروەها پێیوایە چاپەمەنی و هەکارکانی ڕاگەیاندن ئاوە پەیوەستبوونە خەیاڵیکراوە لە نەوان ئاوانەی بەیەکتر نامەن دروست دەکەن، بەجۆرێک جیاوازی و دابەشکاری ئیتنیکی و ڕەگوەیشەو زمان تەدەپەڕنن و یەکەیەکی یەکگرتووە دروست دەکەن کە نەتەوەیەو باشترین نموونەی لەمجۆرەش نەتەوەی ئەمریکایە. هەروەها هابرماس بەوای بە " نیشتیمانی دەستووریی" هەیەو پێیوایە ناسنامەی نیشتیمانی لە کۆمەڵگا هاوچەرخ و فرە کەلتوریەکاندا نابەت پشت بە بنەماو بەهای ئیتنیکی هاوبەش ببەستێت، بەڵکو پێویستە پشت بە ئینتیماو وابەستبوون بە بنەماو بەها سیاسی و دیموکراتیەکان ببەستێت کە دەستوور چوارچێویان بە دەکەشێت. هەروەک هانز کۆهین کە ناسیونالیزمی پڵەنکرد بە ناسیونالیزمی ئیتنیکی کە پشت بە پەیوەندی ڕەچەڵەک و خوێن دەبەستێت و ناسیونالیزمی مەدەنی کە پشت بە هاووڵاتیبوون و خاک و هەبژاردەی سیاسی هوشیارانە دەبەستێت، ئاو لایەنگری ناسیونالیزمی مەدەنی و نموونەی نەتەوەی مەدەنی بوو

نەک ئیتنیکی.

بەگومان ئەمریکا کە ئێستا سیاسەتی دنیا بەرەودەبات، تەوانینی بە پێکهێنانی نەتەوە دەوڵەتی نەتەوە هەمان تەروانینی سەرەوەیە کە بەوای بە پێکهێنانی نەتەوە هەیە لە چوارچێوەی هەر دەوڵەتێکی دنیادا بەو دەوڵەتانەشەوە کە کێشەنیالیستی ناوخۆیی کوردستانن لەسەر بنەمای چەمکی هاووڵاتیبوون و یەکسانبوون بەپێی یاساو دەستوورو بڕیاری هەموان بە جیاوازی لەسەر بنەمای تواناو لێهاتوویی. بەگومان هەموو ئەمانەش لە سایەی سیستەمی فەرمانڕەوایی دیموکراسیدا دێن کە یاسا سەروەر بێت و هەموان لەبەردەمی یاسادا یەکسان بن. بەڵام پرسیارەسەرەکیەکە ئەوەیە ئایا سیستەمە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێن بە دیموکراسی، ئایا هاووڵاتیبوون دەبێتە بنەما، ئایا هەموان بە ڕێچاوکردنی ڕەنگ و ئیتنیک و زمان و ئایین و مەزهەب یەکسان دێن لە ماف و ئەرکدا؟ بەگومان نەخێر بەڵێ لەڕە نەتەوە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوونی یەکسان لە ماف و ئەرک و لەبەرامبەر یاسادا پێکنایێت بەڵکو نەتەوە لە سوریاو لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە کێشەنیالیستی ناوخۆیی کوردستانن، نەتەوە لەسەر بنەمای تواندنەوەی ئیتنیکی کوردی و بناوەندکردنی ئیتنیکی عەرەبی لە سوریاو عێراق و ئیتنیکی تورک لە تورکیاو ئیتنیکی فارس و مەزهەبی شیعە لە ئێران پێکدێت. واتە پێکهاتنی نەتەوە لەم وڵاتانەدا هەرچەن لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوونی یەکسان نیە، هەروەها ڕاپرسی ڕۆژئاوو کۆمەڵگای خێڵەکراویس نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای تواندنەوەو سڕینەوەو پاکتاوکردنی هەر بووێکی ئیتنیکی جیاوازە بەجگە لە گورپی ئیتنیکی ناوەندو خاوەن دەوڵەت. سیاسەتی ئەمریکاو ڕۆژئاوا کاتێک پەیداگری لەسەر یەکپارچەیی ئەو دەوڵەتانە دەکەن کە کێشەنیالیستی ناوخۆی کوردستانن، یان کاتێک دژی ریفراندەمی خەڵکی کوردستانن، یان کاتێک پارتەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی دەخەنە لیستی تیرۆرەوە، لەو ڕوانگەیەوە دێت کە بەڵای ئەوانەوە ڕەوایەتی لای دەوڵەتی ناوەندە، کە ئەویس دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستەو تایبەتمەندی کێشەنیالیستی ناوخۆی هەیە لە کوردستاندا. ڕۆژئاوا وا دەوانێت ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابشکراوە کە ڕەوایەتی فەرمانڕەوایکردنی ئەو بەشەوی کوردستانی هەیە بە هەر شیوەیەک خۆی بیەوێت و بیاری بدات. هەر لەم ڕوانگەیشەوە پێیوایە دەبێت دەوڵەت یەک نەتەوە دروستبکات بەهەمان ڕوانین کە بە دەوڵەت و دروسبوونی نەتەوە هەیە لە ڕۆژئاوا کە خاک و هاووڵاتیبوونی یەکسان و داهاتووی هاوبەش بنەمابێت، بەڵام ئەوانی ڕۆژئاوا لەبەرئەوەی بەهەمان ئەو چاوە

سەیری کەمپەینگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دواتر تانی داگیرکاری کوردستان دەکەن، کە سەیری ڕۆژئاوای پێدەکەن. هەربۆیە دەندەو شێتانێکی وەکو ئەحمەد شارع و دەندێکی وەک خەلیفە ئەردەگان و ئاخوندەکانی ئێران و سەرکردایەتیە ناسیونالیستە ئایینیە شیعەو سوننە تووندڕەوەکانی عێراق وادەبینن کە مافی ئەویان هەیە فەرمانڕەوایی هەمووان لە وەاتەکانیاندا بکەن بەبێ ئەوەی بیرلەوە بکەنەوە کە ئەمان لە ڕەگای تواندنەوەو پاکتاوکردنی ئیتنیکیەوە کە مەبەست تواندنەوەو سینەوەی کوردە دیانەویت نەتەوەی ئەم وەاتانە پێکبهێنن و لەسەر بنەمای کپکردنی دەنگە جیاوازەکان سەقامگیری دروست بکەن.

هەوڵشاندنەوەی هەسەدە لەڕەو سەرچاوە دەگرێت. ئەوڵش تەنها هەوڵشاندنەوەی هەسەدە نیە وەک هەزیکی سیاسی بەکو ڕەتکردنەوەی بوونی ئیتنیکی کوردیە وەک پێکهاتەیەکی جیاواز لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتدا کە تیرۆریستێکی وەک ئەحمەد شارع سەرۆکەتی و بیارە مزگەوم عەبدی بەڵتە ڕاوێژکاری. دیارە دەلاڵباشیێکی وەک تەم باراک کە خەی هەمان گرەی هەست بە کەمیکردنی ئیتنیکی و ئایینیشی هەبووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەام کاتێک چووەتە ئەمریکا چەمکی ناسیونالیستی مەدەنی و لیبرالی بە دروستکردنی نەتەوە ئەوی کردەتە ئەندامێکی چالاکی نەتەوەی ئەمریکا و تەنانەت لەسەر بنەمای تواناکانی ئەرکی گەورەیشی پێ سپاردووە. ئێستا ئەو ڕابردووی خەی و پێکهاتەکەیی لە لوبنان لەیادکردووەو بە پەوانەی پێکهاتنی نەتەوە لە ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ سوریاو تورکیاو عیراقیش دەکات، کە بگومان ئەگەر کارو ڕوانینەکانی ئەو سەربگرن، هەریەکە لەو وەاتانەی کەلەنیالیستی ناوخەیی کوردستانن، سیستەمێکی مەرکەزی بەهەزیان تەدا دەبەت و لەڕەگای تواندنەوەی کوردو پێکهاتە جیاوازەکانی تردەوە، نەتەوەی سەردەست یان گروپی ئیتنیکی ناوەند هەرچەن خاوەنی دەوڵەتە، نەتەوەش پێکدەهێنەت لەسەر بنەمای بناوەندبوونی گروپی ئیتنیکی یان نەتەوەی عەرەب، تورک، فارس و تواندنەوەی کوردو ئەوانی تر لەناو پێکهاتەی ئەواندا. هەوڵشاندنەوەی هەسەدەو خەباتستکردنی پێکەکە هەنگاوی یەکەمی ستراتیژی ئەمریکایە بە تواندنەوەی کورد لە نەو نەتەوەی تورک و عەرەب و فارسدا. ئەگەر لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتوو بەت، چارەنووسی کوردو هەموو گروپە ئیتنیکی و ئایینی و مەزهەبیەکانی پڕاوێز یان کنار کە لە پێکەی کەنی ناوخەیدان تاریک دەبەت و لەبەردەم مەترسی تواندنەوەدا دەبن.

عەتا قەرەداخی

کاتێک ناوی کەسێکی تر دەبێتە ناسنامەی ئەم.. نووسەر: گۆیلان محمد

لێکۆڵینەوەیەک لە هەکاری زانستییەکانی «نەخشی بەناوبانگبوون»، زیانەکانی و ڕێگای گەڕانەوە بۆ خۆ
نووسەر: گۆیلان محمد
بڵاوکراوەی نووسین: ٢٧ی ئابی ٢٠٢٦
جۆری بابەت: وتاری زانستی ـ کۆمەڵایەتی
کلیلەوشەکان: پەرستینی کەسایەتیی ناسراوەکان، بەناوبانگبوون، پەیوەندیی نەوانخەیاڵی، تەندروستی دەروونی، تێڕوانینی کۆمەڵایەتییەکان

ئاگاداری پزیشکی: من پزیشک نیم؛ ئەم وتارە شیکردنەوەیەکی زانیارییە و جێی تشخیص و ڕاوێژی پسپۆڕی دەروونی ناگرێتەوە. ئەگەر ئەم نیشانانە کاریگەرییەکی قورس لەسەر ژیان دروست کرد، پێویستە لەلایەن پسپۆڕێکی تەندروستی دەروونییەوە هەڵسەنگاندن بکرێت.

دەستپێک: کاتێک ستایش دەبێتە زیندان

هەموومان کەسێکمان هەیە کە کاریگەری لەسەرمان داناوە؛ گرانبەڕێک کە لە کاتی خۆمدا دەنگی پێنا بوو، نووسەرێک کە وشەکانی ڕێگایەکی نوێی بە بیرکردنەوەمان کردووەتەوە، یان وەرزشوانێک کە فێری کردووین دوای هەر کۆتنێک هەستینەوە. ئەم بۆشکە لە سروشتی مرۆڤ: حەزکردن، فێربوون و هاوبەشی هەست.

بەڵام هەندێک جار ستایش لە سنووری خێی تێدەپەڕێت. ئەو کاتەی بیرکردنەوە لە کەسێکی ناسراو دەبێتە شتێکی بەکۆتایی، ئەو کاتەی ڕەزامەندیی خێک لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە پێوەری بەهای خۆمان، و ئەو کاتەی ژیانی ڕۆژانە لە پێناوی ناوی کەسێکی ترەوە دەستبەردار دەکرێت؛ ئیدی باس لە «فانێکی دەسز» ناکەین، بەڵکو لە پەیوەندییەکی نابەرامبەر و زیانبەخش دەدوێین.

لە تـــۆژینـەوە دەروونیـیەکانـــدا ئـەم دیـــاردەیە بە پـەرسـتینی کەسـایەتیـیە ناسـراوەکان یـان celebrity worship ناسـراوە. وشـەی «نـەخـشی بـەناوبانگبوون» لە گفتوگـۆی تـۆژانـەدا بـەکاردەت، بـەام نابەت بە هـەە وەک ناوی نـەخـشیـیەکی فـەرمیی سـەربـەخـە دابنـرەت. پـەرستینی کەسـایەتیـیە ناسراوەکان لە تـۆژینـەوەکاندا زیاتر وەک پـەکهاتـەیەکی دەروونی و کـەمـەایـەتی دەبینـرەت؛ تشخیص تـەنها بە ئـەو کـەشـانـەیە دەکرەـــت کە بـەاســتی هـەیە، وەک وسواســی-ناچارەکی، دـەـەاوکـ، دـەتـەنگـی یـان بـەکارهـێنـانی کـەشـدارەوەی ئینتـەرنـەت. پـەلـەنکردنـی جیهـانی نـەخـشیـیەکـان، ICD-11، سـتانداردی جیهـانیی زانیـاریـیە تشخیصـیـیەکانە؛ بـەیە دەبـەت وشـەیەکـی گفتـوگـۆیی لـەگـەە تشخیصـەکی پزیشکی تـەکـەە نـەکرەت.

لە حـەزکردنـەوە بە وسواس: سـە ئاستی پـەیـوەندی

تـۆژینـەوەکان ئـەم پـەیـوەندیـیە بە نردبانـەک دەچـوێنن، نـەک بە دـەخـەکی تـەنها.

هـەموو کـەسـەک کە هونـەرمـەندـەک بـەدیـەتی نـەخـش نیـیە؛ خاـی گرنگ ئـەوەیە کە ئایا ئـەم پـەیـوەندیـیە دەست لە ژیان دەدات یان نا.

ئاست چـەن دەردەکـەوەت؟ کـەی دەبـەتە نیشانـەی مـەترسی؟

کـەمـەایـەتی ـــ کاتبـەسـەربردن بـەدواداچـوون بە کارەکـانی کـەسـە ناسراوەکـە و گفتوگـۆکردن لـەگـەە هاوـێیان کاتـەک هـەموو گفتوگـۆ و ناسینـە کـەمـەایـەتیـیەکان تـەنها لـەسـەر ئـەو کـەسـە بـەت

تایبـەتی ـ توند بیرکردنـەوەی زـەر، هـەستی نزیکی تایبـەت و گومانکردن بـەوەی «ئـەو تـەنهـا کـەسـەکـە کە تـەـم دەگـەات» کـاتـەک بیرەکـان کـەنتـرەـنـەکراون و خـەو، خـەندن، کار یان پـەیـوەندیـیە نزیکەکان تـەکدەـدن

سنووربـەزـەن ـ پاتـەلـەژیک ئامادەبوون بە شکاندنی یاسا، خـەرجکردنی زیاتر لە توانای دارایی، یان هـەوـەدان بە تـەکدانی سنووری ژیانی کـەسـە ناسـراوەکـە کـاتـەک زیـان بە خـە یـان کـەسـانی تـر دەگـەات، ـەفتارەکان دەبنـە هـەـەشـە، چاودـەریی نهـەنی یان کردارەکی نایاسایی ئـەم جیـاوازیـیە گـرنگـە، چـونکـە ناونـانی هـەر حـەزـەکـی ئاسـایی بە «نـەخـشی» خـەی جـەرەکـە لە سـتـەمکردن بـەسـەر کـەسـەکـەدا. کـەشـکـە لە خـەشـویسـتیـیەکـەدا نیـیە؛ لـەوـەدایە کە مـەـرەف خـەی لـەنـاو ئـەو خـەشـویستیـیەدا ون بکات.

هـەکارە زانستیـیەکان: بـەچی مـەشک دەچـەتە ناو ئـەم بازنـەیە؟

١. پـەیـوەندیی نـەوانـەیـەی و هـەستی نزیکی ساختە

کـەسـە ناسراوەکـە زـەرجار ـاستـەوخـە قسـە لـەگـەە بینـەر ناکات، بـەام بە

ڕەگەی شاشەوە دەخەنەت، دڵگریت، هەواڵی ژیانی دڵگوازتەوە و وەک کەسێکی ئاشنا دەردەکەوێت. ئەم جۆرە پەیوەندییەی یەکلایەنە بە پەیوەندیی نێوانخەیاڵی ناودەبرێت. بە مەشک، دووبارەبوونەوەی دەنگ و وێنە و چیرۆکەکان دەتوانێت هەستی ئاشنایی و نزیکی دروست بکات، بەبێ ئەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی دوولایەنە هەبێت.

کاتێک کەسێک لە ژیانی ڕاستەقینەدا هەستی بە تەنهایی، نەبینراوی یان ناپەسەندکراوی دەکات، ئەم پەیوەندییە ساختەیە دەتوانێت بە ماوەیەک شوێنی هاوڕێیەتی بگرێتەوە. بەڵام ئەو ئارامییە ئۆگەر ببێتە جۆگرەوەی پەیوەندییە ڕاستەقینەکان، کەشکە قووڵتر دەکات.

٢. کەمبوونی متمانە بە خۆ و بڕاوردکردنی خۆ بە وێنەی بریقەدار
کەسە ناسراوەکان زۆرجار بە وێنەی هەڵبژێردراو، ووناککراو و دەستکاریکراو پیشان دەدرێن؛ بینەر بەڵام ژیانی ناوخۆی خۆی بە هەموو ترس و شکستێکانییەوە دەبینێت. لەوێدا بڕاوردکردنکی نادادپەروەرانە دروست دەبێت: «ئەو هەموو شتێکی هەیە، من هیچم نییە.» تۆڕێنەوەیەکی گەورەتر لەسەر گەورەساڵان پەیوەندییەکی لاواز بەڵام بەردەوامی نێوان پەرستینی زۆری کەسایەتییە ناسراوەکان و نزمبوونی متمانە بە خۆی دەزیوێتەوە.
ئەمە بە مانای هەڵکاری ڕاستەوخۆ نییە؛ کەسێک بە متمانەی نزم دەکرێت زیاتر پەنابردنت بۆ جیهانی کەسێکی ناسراو، یان ئەو پەرستینە بڕاوردکردنکەی زیاد بکات.

٣. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بازنەی پاداشت
تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنها شوێنی بینینی ناوی کەسێکی ناسراو نین؛ سیستەمی پێشنیارکردنیان هەموو ئەو شتانەی کە سێیری دەکەین، لایک دەکەین یان لێی دەوەستین دووبارە بەمان دەهێنێتەوە. بەو شێوەیە، یەک قیدیۆ دەبێتە دیان قیدیۆ، و دیان قیدیۆ دەبنە بەشێک لە ناسنامەی ڕۆژانەمان. تۆڕێنەوەیەکی لەسەر ٤٣٧ گەنج و گەورەساڵ پەیوەندییەکی نێوان ئاستی بەرزی پەرستینی کەسایەتییە ناسراوەکان و بەکارهێنانی کەشدارەوەی ئینتەرنێت دەزیوێتەوە؛ بەڵام چونکە تۆڕێنەوەکە لە یەک کاتدا کراوە، ناتوانێت بڕیار کامیان هۆکاری کامیانە.

٤. خەیاڵکردنی زۆر و هەڵاتن لە واقع
هەندێک کەس بە خەیاڵکردن پەنادەبەن بە ئەوەی لە فشار، تەنهایی یان شکستی ڕۆژانە دووربکەونەوە. ئۆگەر خەیاڵکان زۆر فراوان بن و لە خوێندن، کار یان پەیوەندییەکان جێی بگرن، لە تۆڕێنەوەکاندا

بە maladaptive daydreaming ناودەبرێن. هەمان تۆژینەوەی پێشوو نیشانی داوە کە ئەم جۆرە خەیاڵکردنە و ویستی بەناوبانگبوون لەگەڵ پەرستینی زۆری کۆمەڵایەتییە ناسراوەکان پەیوەندییان هەیە. بەڵام ئەمەش پێویستی بە هەڵسەنگاندنی تاکەکەسی هەیە، نەک لێبڵکی خۆرا. [4]

0. قەناغی تەمەن و ژینگەی کۆمەڵایەتی

لە قەناغی گەنجیدا ناسنامە هێشتا لە دروستبوونداید. مرۆڤ دەپرسی: «من کێم؟ چی دەوێم؟ چۆن دەبم بە کەسێکی گرنگ؟» لەو کاتەدا کەسە ناسراوەکە دەتوانێت ببێتە وێنەی ئاوات، نەک تەنها کەسێکی خۆشویست. تۆژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاستی پەرستینی کۆمەڵایەتییە ناسراوەکان بە گشتی لە تەمەنە گەنجەکاندا زیاترە و لەگەڵ زیادبوونی تەمەن کەمێک دادەبەزێت؛ بەڵام جیاوازیی تاکەکان زۆر گرنگترن لە هەر یاسایەکی گشتی. [5]

کاریگەرییە خراپەکان لەسەر تاک

پەرستینی زۆر بە شێوەیەکی جادویی مرۆڤ ناکوژێت و هەموو فەنکیش تووشی زیان نابێت. کێشەکە لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەو پەیوەندییە لەگەڵ کێشەیەکی تری دەروونی تێکەڵ دەبێت یان خۆی دەبێتە سەرچاوەی تێکچوون. بەگەڵ زانستییەکان پەیوەندییەکی لاواز بەڵام دووبارەبووەوە لەگەڵ نیشانەکانی دڵتەنگی و دەماوەکی، فشارە دەروونییەکان، نزمبوونی متمانە بە خۆ، کەمبوونی دڵخۆشیی ژیان و خەیاڵکردنی نائاسایی نیشان داوە. [4] [5]

بوار کاریگەرییەکانی کە دەکرێت ببینرێن

دەروونی دەماوەکی، دڵتەنگی، بیرکردنەوەی دووبارە، هەستی پووچی و وابەستەبوون بە ڕەزامەندیی کەسانی تر خۆو و جێستە درەنگخۆتن بە بەدواداچوونی هەواڵ، ماندووبوونی ڕۆژانە و سەرنجدانەدانی جێستەیی پەیوەندییەکان دوورکەوتنەوە لە خەزان و هاوڕێ، بەباوەڕی بە پەیوەندیی ڕاستەقینە و هەستی بەراوردکردنی هەمیشەیی دارایی و سنوور خەرجکردنی ناڕەک، کەینی شتی بەپەویست، چاودێریی زۆر و شکاندنی سنووری کەسی ناسراو

ناسنامە ئەوەی مرۆڤ خۆی بە ناوی کەسێکی تر بناسێنێت و بەهای خۆی تەنها بە نزیکبوونەوە لەو کەسەوە بپەوێت.

ئەوەی زۆر جار لە بیرمان دەچێت ئەوەیە کە مەترسی تەنها «زۆر سەیرکردن» نییە. مەترسیی سەرەکی لەدەستدانی کەنترۆڵ و لەدەستدانی ژیانی خۆتە.

کاتێک هەموو خوونکانت دەبنە خوونکانی کەسێکی تر، تۆ بە هەواشی

لە ژیانی خۆت دەکشێتەوە.

نیشانەکانی پێویستی بە یارمەتی
ئەگەر یەک یان چەند دانە لەم نیشانانە بە ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو، باشە لەگەڵ دەروونناس یان پزیشکی دەروونی قسە بکرێت:

1 کۆنترۆلکردنی بیرکردنەوە لە کەسە ناسراوەکە ناومکینە و بەشکی زۆری کاتژ دەبات.
2 بەدواداچوونەکە خۆو، خوێندن، کار، عبادەت، پێوەندیی خێزانی یان ژیانی کۆمەڵایەتی تێکدەدات.
3 کەسەکە هەوڵی کەمکردنەوە دەدات، بەڵام دووبارە بەهێزتر دەگەڕێتەوە.
4 بە نزیکبوونەوە یان پشتیوانیکردن لە کەسکی ناسراو، پارەی زۆر خەرج دەکرێت یان سنووری یاسایی و کەسی دەشکێنرێت.
5 کەسەکە هەست دەکات بەبێ ئەو کەسە هیچ بەهایەکی نییە، یان لە دوورکەوتنەوەی ئەو کەسە تووشی تێکچوونی زۆر دەبێت.

چارەسەر: مەبەست کوژاندنەوەی حەز نییە، گەاندنەوەی هاوسەنگییە چارەسەرکی تایبەت و یەکسان بە «نەخۆشی بەناوبانگبوون» نییە، چونکە ئەم ناوە بە خۆی تشخیصکی فەرمی نییە. یەکەم هەنگاو ئەوەیە پسپەڕێک بزانێت لە پشت ئەم پێوەندییەدا چی هەیە: تەنهایی؟ دەڵەاوکە؟ دڵتەنگی؟ نزمبوونی متمانە بە خۆ؟ وسواس و ناچار؟ یان بەکارهێنانی کۆشدارەوەی تەڵە کەمەایەتییەکان؟

ئەگەر بیر و ڕەفتارکان شێوەی وسواسی-ناچارکییان هەبێت، چارەسەری هەڵسوکەوتی ـــ بیرکاری، بە تایبەتی exposure and response prevention، لە چارەسەرە سەرەتاییە بەگەدارکانی OCD ـە. لەم ڕێگایەدا بە هاوکاریی چارەسەرکار، کەسەکە بە هەواشی ڕووبەڕووی هاندەرکانی دەبێتەوە و فێردەبێت بە ئەنجامدانی ڕەفتاری ناچارکی دەڵەاوکەکەی بەڕەوبەبات. ئەمە دەبێت لەژێر چاودێریی پسپەڕێ بکرێت، نەک بە تاقیکردنەوەی توند و بەپلاندانان لە ماڵەوە. [2] [6]

لە هەندێک دەخی قورسدا، پزیشک دەتوانێت دەرمان هەبژێرێت؛ بەڵام دەرمانی دژەدڵتەنگی، لەوانە SSRI، بە خۆی چارەسەری «حەزکردن بە کەسکی ناسراو» نییە. تەنها کاتێک بەکاردێت کە پزیشک نەخۆشیەکی پێوەندیدار وەک OCD یان دڵتەنگی تشخیص بدات. هیچ دەرمانێک نابێت بەخۆایی دەست پێبکرێت یان بوەستێنرێت. [2] [3] [6]

لەگەڵ چارەسەری پسپۆڕی، هەنگاوە جۆراوجۆرەکان دەتوانن بازنەکە لاواز بکەن: کەمکردنەوەی ئاگادارییەکان و نەتیفیکەیشنەکان، دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ بەکارهێنانی تەکنەکان، نەهێشتنی مۆبایل لە ژووری خەوتن، تەمارکردنی ئەو کاتانەی کە پەنادەبەین بۆ شاشە، و گۆڕانەوە بۆ پەیوەندییە ڕاستەقینەکان، وەرزش، خوێندن و کارکێی بەمانا. ئەم هەنگاوانە چارەسەری تەواو نین، بەڵام دەرفەت بۆ دروستکردنەوەی کۆنترۆڵ دروست دەکەن.

خەزان و هاوکێشانیش نابێت کەسە تووشبووەکە بۆ گاڵتە یان سووکایەتی وەڵام بدەن. وتنی «تۆ شێتیت» تەنها شرمەزاری زیاد دەکات و کەسەکە زیاتر دەخاتە ناو جیهانی شاشە. وەڵامی دروست ئەوەیە: «دەبینم ئەمە چەندە کاریگەری لەسەرت هەیە؛ با یارمەتیی پسپۆڕ بدەزینەوە.» ئەگەر هەڕەشەی زیانگەیاندن بۆ خۆ یان کەسێکی تر، یان تەکچوونی قورس هەبوو، دەبێت بۆ خزمایەتی پەیوەندی بۆ فریاکەوتنەوەی ناوخۆیی یان نزیکترین ناوەندی پزیشکی بکرێت.

کۆتایی: بەناوبانگبوون چارەسەر نییە بۆ نەبینراوی
لە بنەڕەتدا، زۆرێک لەو کەسانەی کە بە شۆهیکی زۆر بەناوبانگبوون دەخوازن، تەنها ناوی کەسێکی تر ناوێت؛ ئەوان دەیانەوێت خەیان ببینرێن، گوێیان لێبگیرێت و هەست بکەن ژیانیان مانای هەیە. ئەمە خواستێکی مرۆییە، بەڵام هەڕەکە لەوە دەست پێدەکات کە مرۆڤ بەهای خۆی بە دەستی جەماوەر یان ئەلگۆریتمێک دەسپێرێت.

کەسە ناسراوەکە دەتوانێت ڕووناکییەک بێت لە دوورەوە، بەڵام نابێت ببێتە خۆرێک کە تە لەسەر حسابی خێت بە دەوری ئەو بسوڕێیت. ئەوەی پێویستە چارەسەر بکرێت، حەزکردن نییە؛ ونبوونی خۆیە لەناو حەزکردندا. گۆڕانەوە بۆ خۆ لەو ساتەوە دەست پێدەکات کە مرۆڤ بپرسێت: «ئەگەر ئەو ناوە لە شاشە نەما، من چیم هەیە؟» و وەڵامەکە بە هەواشی، بە کار و بە یارمەتیی دروست دروست بکات.

--

سەرچاوەکان

[1] World Health Organization, ICD-11: International Classification of Diseases, 11th Revision.

[2] American Psychiatric Association, What Are Obsessive-Compulsive and Related Disorders?.

.NHS, Treatment: Obsessive Compulsive Disorder [3]

Zsila, Á., McCutcheon, L. E., & Demetrovics, Z. (2018), [4] The association of celebrity worship with problematic Internet use, maladaptive daydreaming, and desire for fame, Journal of .Behavioral Addictions, 7(3), 654–664

Zsila, Á., Orosz, G., McCutcheon, L. E., & Demetrovics, Z. [5] (2021), Individual Differences in the Association Between Celebrity Worship and Subjective Well-Being, Frontiers in .Psychology, 12

Van Noppen, B., Sassano-Higgins, S., Appasani, R., & Sapp, [6] F. (2021), Cognitive-Behavioral Therapy for Obsessive- .Compulsive Disorder: 2021 Update, Focus, 19(4), 430–443

هەڵدە و خۆکوشتنکی سیاسی چاوەڕوانکراو.. جوتیار مەلا رەئوف

لە ٢٥ی ئابی ٢٠٢٦دا، مەزڵوم عەبدی ڕایگەیاند کە ئەرکی هەزە دیموکراتیکەکانی سوریا ـ هەڵدە ـ کۆتایی هاتووە و ئێم هەزە وەک هەزەکی سەربازیی سەربەخۆ هەڵدەوەشێتەوە و هەزەکانی لە چوارچێوەی سوپای سوریا دەکەدخرێنەوە. ئەمە تەنها گۆڕینی ناوی هەزەکی سەربازی نییە؛ بەڵکو کۆتایی قۆناغێکە کە تێیدا کورد و هاوبەشەکانی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە دەستی خۆیان هەزی سەربازی، دەسەڵاتی کارگێڕی و بەشکی گرنگ لە سەرچاوە ئابوورییەکانی ناوچەکەیان بەدەوە دەبرد.
من پەموایە ئەگەر سیاسەت بریتی بێت لە پاراستنی دەسکەوت بە هەمان ئەندازەی بەدەستهێنانی، ئەوا ئەوەی لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕووبدا دەتوانرێت بە خۆکوشتنکی سیاسی لە ژێر فشار ناوزەد بکرێت. خۆکوشتن، نە بەو مانایەی کە هەڵدە هیچ فشارێکی لەسەر نەبوو؛ بە

پێچوانەوە، لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا هێزەکانی دەسەڵاتی دیمەشق بە خڕایی بەشکەی زۆر لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەسەدیان گرت و بژاردەکانی کورد زۆر سنووردار بوون. بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان پاشکۆیی سەربازی و هەوەشاندنەوەی سەرمایەی سیاسی و دامەزراوەیی.
ڕێککەوتنەکەی دیمەشق و هەسەدە تەنها داوای دانانی چەک ناکات، بە پێی دەقە باوکراوەکە، دەسەڵاتی ناوەندی کۆنترۆڵی دەروازە سنووریەکان، کێڵگەکانی نەوت و گاز و دامەزراوە مەدەنیەکان وەردەگرێت؛ هێزە سەربازی و ئەمنیەکانی هەسەدە بە شێوەی تاکەکەسی دەخرێنە ناو وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ، و بەرپرسیارێتی زیندان و کەمپەکانی داعیش دەگوازرێتەوە بە دەوڵەت، بە واتایەکی تر، ئەو سێ پایە سەرەکییەی هێز دەسەڵاتێکی سیاسی (چەک، خاک و سەرچاوەی ئابووری) بە شێوەیەکی زۆر فراوان دەدرێنەوە بە دیمەشق.
بەرامبەر ئەو هەموو دەستبەرداربوونە، دیمەشق بە فەرمانی ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٢٦ ناسنامەی کوردی و مافی کولتووری و زمانی دانپێدانراو کرد، هاووڵاتیبوونەوەی ئەو کوردانەی پێشتر بێناسنامە بوون دابین کرد و نەورۆزی کرد پشووەکی فەرمی، بەڵام وردەکارییەکە زۆر گرنگە، زمانی کوردی وەک (زمانێکی نیشتمانی) ناسێنراوە و لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەتوانرێت وەک وانەی هەڵبژاردەیی یان چالاکیی کولتووری بخوێندرێت؛ ئەوە هێشتا یەکسان نییە بە دانپێدانانی دەستووری و سیاسی، پارلەمانی هەرەمی یان دەسەڵاتی جێبەجێکردنی خۆجێیی.
لێرەدا مەژوو پرسیارێکی تاڵ دەخاتە بەردەممان..
لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا، حکومەتی بەعسی عێراق و بزووتنەوەی ناسیۆنالیسمی کوردی بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی گەیشتنە ڕێککەوتنێک کە مافی نەتەوەیی، زمانی، فەرهەنگی و بڕیاریی سیاسیی کوردی لەخۆگرتبوو، چوار ساڵ دواتر، هەرچەندە بەعس یاسای ئۆتۆنۆمی بە شێوەی تاکلایەنە دەرکرد و کوردیش بە هەی کەشە بنەڕەتییەکان ، بە تایبەتی کەرکووک و سنووری هەرەمی ئۆتۆنۆم ، ڕەتی کردەوە، بەڵام خودی یاساکە هێشتا شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشمان پێ دەڵێت، (ناوچەی کوردستان) وەک ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم ناسێنرا، زمانی کوردی لەگەڵ عەرەبیدا زمانی فەرمی بوو، ئەنجومەنێکی یاسادانان و ئەنجومەنێکی جێبەجێکردن بۆی دیاری کرا.
ئەوە بە هیچ شێوەیەک سپیکردنەوەی مەژووی بەعس نییە، هەمان ڕژێم دواتر سیاسەتی عەرەباندن، شەهیدکوژی و ئەنفالی لە دژی کورد جێبەجێ کرد، هەروەها ڕێککەوتنی ١٩٧٠ لەسەر پرسی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان شکستی هێنا و لە ١٩٧٤دا شەڕ دووبارە دەستی پێکردەوە،

بەڵام بەراوردە مێژوویەکە لەرەدایە، تەنانەت دەوڵەتکی ناوەندگرای دیکتاتۆری وەک بەعس ناچار بوو لە قۆناغێکدا قسە لە ئۆتۆنۆمی، دامەزراوەی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی کورد بکات؛ کەچی کوردی سوریا دوای زیاتر لە دە ساڵ خاوەندارێتی هێزی سەربازی و دامەزراوەی خۆجێیی، ئەمە بە مافی زمان و چەند پێستکی حکومی گەلاوێژەوە بە ناو دەوڵەتکی ناجێگیری ناوەندی.
لەو ڕوانگەیەوە، قسەکە لەسەر ئەوە نییە کە هەسەدە دەبوو تا دوا شەقان بجەنگێت، هیچ سیاسەتکی عاقڵانە نابێت زیانی خۆک بکاتە قوربانیی دروشم. ئەگەر هاوسەنگی هێز گەلابوو، ئاگربەست و تەنانەت یەکخستنەوە لەگەڵ دەوڵەت دەتوانرا بێتە بژاردەیەکی واقیعی، بەڵام هەسەدە دەیتوانی جیاوازی لە نێوان یەکخستن و خەوشاندنەوە دروست بکات، یەکخستنێک بەرامبەر بە دەستوورێک کە بوونی سیاسیی کورد، دەسەڵاتی ناوخۆ، پالیسی خۆجێیی، پەروەردە بە زمانی کوردی و دامەزراوەی هەبژێردراو بپارێزێت؛ نەک ئەوەی یەکەم هەموو کارتکانی فشار بدات و دواتر چاوەڕێی بەڵێنی دیمەشق بێت.
لە هەمان کاتدا، فاکتۆری تورکیا ناتوانرێت لە هاوکێشەکە دەربکرێت، ئەنقەرە بەردەوام داوای هەوشاندنەوەی هەسەدەی کردووە و دوای ڕاگەیاندنی ٢٥ی ئاب، پارتی دەسەڵاتداری تورکیا بە ئاشکرا پێشوازی لە هەنگاوەکە کرد و بە (قۆناغێکی گرنگ) بە یەکێتی سوریا ناوی برد. تورکیا هێشتا هێزاران سەربازی لە باکووری سوریا هەیە و دیمەشقیش لە دوای ڕووخانی ئەسەد پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ ئەنقەرە دروست کردووە.

لە ناو ئەم هاوکێشەیەدا هێڵی تەم باراکیش جێی سەرنج، باراک باێیزی ئەمریکایە لە تورکیا و نەردراوی تایبەتی سەرکایەتی ئەمریکا بە سوریا و عێراق، و واشنتن هێککوتنکی بە (هەنگاوێکی مێژووییی) ناوبردووە، لە هەڵسەنگاندنی سیاسییدا باشترە بەگەڵ لەسەر کردار و هەڵوێستی بخرێتەوو نێک ناولێنان، ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئەنجامی پرسەکە (یەک دەوڵەت، یەک سوپا و کۆتایی هێزی سەربەخۆی هەسەدە) بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ ئەو داواکارییە ستراتیژییانەی تورکیا یەکدەگرێتەوە کە ساڵانێکە لە سوریا پێداگرییان لەسەر دەکات.
پێش هەموو شتێک، ئەم ئەزموونە جارێکی تر ئەو وانە کۆنەی مێژووی کورد پشتڕاست دەکاتەوە، پشتبەستن بە پارێزگاریی هێزە گەورەکان جگەوەی گرێنتیی سیاسی و دەستووری نییە، هەسەدە یەکێک بوو لە گرنگترین هاوبەشەکانی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش؛ بەڵام کاتێک بڕژەوەندییە هەرێمایەتی و نەودەوڵەتییەکان گەڕان، هاوسەنگی

هەزیش گەرا، ئەو یەکەم جار نییە کورد لە مێژووەدا ئەو وانەیە بە نرخێکی گران فێر دەبێت.
بۆیە من پێموایە، شکستی هەسەدە تەنها لەوەدا نییە کە هەزێکی سەربازی هەوشایەوە، شکستە گەورەکە ئەوەیە کە هەزێک کە خاک، چەک، سەرچاوەی ئابووری، دامەزراوە و پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی هەبوو، نەیتوانی ئەو سەرمایەیە بگەێنێت بە مافێکی دەستووری و دامەزراوەیی نەگەێ.
لە سیاسەتدا، هەندێک جار پاشکشە پاراستنی خێرە؛ بەڵام کاتێک پاشکشە دەگاتە ئەوەی هەموو ئامرازەکانی دانوساندن بدەیت و بەرامبەر بە بەرەن و مافی کولتووری چاوەڕێی داهاتوو بیت، ئەوا ناوی (سازش) بە تەنها بەس نییە.
ئەگەر مێژوو هێژایەک حوکم لەسەر ئەو بەیارە بدات، لەوانەیە پرسیارەکە ئەوە نەبێت (بۆچی هەسەدە جەنگی نەکرد؟
بەڵکو ئەوە بێت، بۆچی پێش ئەوەی دەستوور و دامەزراوەی سیاسیی کورد گەرەنتی بکرێت، هەموو کارتەکانی هەزی خۆی لەسەر مێز دانا؟ لەوەیە کە وشەی (خەکوشتنی سیاسی) مانای خۆی وەردەگرێت.

جوتیار مەلا رەئوف

دوای «شکستخواردنی هەموان»: بەرەو داشتنەوەی دیمەنی رێژەیەکی ناوەڕاستە.. حەمید کورەچی

(تەوانینەک بە داهاتووی ئێران لە قەناغی دوای جەنگدا)

سەقامگیری ئێران تەنها بە پشتبەستن بە «هەزی ناوەند» بەدی نایێت، بەڵکو پێویستی بە بنیاتنانی «دادپەروەری لە هاوبەشییدا» لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا هەیە. پێویستە «رێژی نوێ» دوای رووخانی ئایدۆلۆژیای کۆن لەسەر بنەماوەی ڕوون و ئێککەوتوو دابمەزرێت، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

بەردەوامیی هەر سیستەمێکی نوێ دەوەستێتە سەر توانای گەلانکاری لە «حوکمی پێکهاتەی تاک» بۆ «دەوڵەتێک کە لەسەر بنەمای لێهاتوویی نیشتمانی دامەزرابێت». پۆیستە «مافی هاووڵاتیبوون» بۆ سەرجەم تاکەکان دابین بکرێت، بۆ شێوازێک کە کورد، بلووچ، عەرەب و ئازەری بتوانن دەستیان بۆ پێستە سیادییەکان بگات، جا چ مەدەنی بن یان سەربازی، بۆ هیچ جیاکاری و بەربەستێک. چونکە هاووڵاتیبوونی ڕاستەقینە «سەمامی ئەمنی»یە، کە یەکپارچەیی خاکی و سەقامگیری دەسزییەکان مسۆگەر دەکات.

دەبێت بەیاردەری سیاسی لە ناوەنددا ئاوە بزانێت کە هەزی ئێران لە بنەڕەتدا لە فرەچەشنی نەژادی و کولتووریدا خۆی دەبینێتەوە. دانپێدانانی «فارس» بۆ براکەی «کورد» وەک بەشێکی هاوسەنگی کەلەپووری نیشتمانیی ایرانی، تەنها ئاماژەیەکی دەستخۆشی یان وتەیەک نییە کە بۆ مەژوو بوترێت، بەڵکو هەنگاوێکی ستراتیژییە کە سایەنی دوورودرێژی ئاو نیگەرانییانە کۆتایی پێدەهێنێت کە پێوەستن بە «فەبیای جودابوونەوە». بەخشینی توانا بە هەموو پێکهاتەکان بۆ ئاوەی هەست بکەن خاوەنی خاکی خۆیانن و نامۆ یان ستەملێکراو نیین تیایدا، یەکەیزی نیشتمانی بەهێزتر دەکات و هەموو هاوڵاتیانی دڕکییەکان بۆ تێکدانی شانەی کەمایەتی دەوڵەت پووچەڵ دەکاتەوە.

لە سایەی ئەم ڕاستییانەدا، هەر سەقامگیرییەکی ڕوکەش کە ژێنراڵەکانی سیستەمەکە لە ڕێگەی ڕووکەشی مەدەنییەوە و بە پشتگیری هێزە ئابوورییە گەورەکان بیسەپێنن، تەنها دەبێتە «ئاشتییەکی کاتی» و توانای خۆاگری نابێت ئەگەر دەوڵەت هەستانە چاکسازی گشتگیر لە سەرجەم ئاستەکاندا ئەنجام نەدات. خۆشگوزەرانی ئابووری و کراوەیی کەمایەتی ناتوانن ببنە جگرەوەی «شکەی سیاسی» و دادپەروەری کەمایەتی. سەرهەڵدابردنی هاوکانی بەلاردابردنی هۆشیاری جەماوەری لە ڕێگەی ڕێگاکانی پەیگەندەی جەراوجەرەوە، ئەم هۆشیارییە وەک پاسەوانێکی کۆتایی دەمێنێتەوە کە دەوەستێت لە بەردەم هەر هاوڕێکدا بۆ کەمکردنەوەی سەروەری نیشتمانی یان قوربانیدان بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکان بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی دەسکەوتی تاکەکەسی.
ئاو مافانەی پێوەستن بە زمانی دایک و خوێندن پێی، و بەرزنرخاندنی ناسنامەی کولتووری بۆ هەموو پێکهاتەکانی کەمەگە، دەبێت وەکو ئاو توخمانە تێبگەین کە هێزی دەوڵەت بەهێز دەکەن و یەکێزییەکەی پتاو دەبەن، نەک ئاوەی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر

یەکپارچەیی یان سەقامگیرییەکەی سەیر بکرێن. چونکە ئەم مافانە تەنها ئیمتیازی تاکتیکی نیین کە وەک ڕێگەیەک بۆ مانەوەی سیاسی بدرێن، بۆ ئاوەڵی دواتر کاتێک هێزی ناوەندی گەورە بوو لێیان بسەنرێتەوە، بەڵکو بنەمای سروشتی و بنچینەیین کە ئامانجیان چەسپاندنی پێوەندییە لە نێوان سەرجەم هاووڵاتیان و لایەنە جیاوازەکان لەگەڵ ناوەندا، بەپێی پێیمانێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام و پێکبەستراو کە لەناوناچێت.

ئەو دیمەنەی کە خۆنی پێوە دەبینین بۆ ئیرانی داهاتوو ناتوانێت تەنها لەسەر بنەمای هێز و ململانێ چەکداریەکان بنیات بنرێت وەک «چەکوش»ی جەنگ کە بۆستان لەدەدات، بەڵکو لە بەرامبەردا پێویستی بە «سندان»ی هاووڵاتیبوونی ڕاستەقینە هەیە کە یەکسانی مسۆگەر دەکات و پێوەندی تاکەکان بە نیشتمانەکیانەوە پتەو دەکات لە ڕێگەی بەهای هاوبەشی و دادپەروەرییەوە. ئەو ئەرانیە کە تیایدا هەموو هاووڵاتییەک بە زمانی «برایەتی» و ڕێزگرتنی هاوبەش قسە دەکات، کە تیایدا هەوڵێ جیاوازەکان لە هەر تاکەکەوە دەگەنە لوتکەی هاوسەنگی لە ژێر ئاسای یەک ئاسادا یان ئاساگەلێکی هاوئاهەنگ. لەم نیشتمانە خوازراوەدا، هیچ بوونەک بە بەربەستە دەستکردەکانی نێوان «ناوەند» و «پەراوێزەکان» نییە، بەڵکو یەکپارچەیی گشتگیرە کە هەموان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نیشتمانی هاوبەشدا کەدەکاتەوە کە کەس لە بەرزنرخاندن و بەشداریکردن بەبەش ناکات.

لە سایەی سەرقاڵی بەردەوامی گەڕپانەکانی ڕاگەیاندن و سەکەکانی شیکاری سیاسی بۆ ناوەڕۆکی دراماتیکی کە کەتایی سیستمی ئێران وەک دیمەنێکی دووبارەبووەوەی «ووخانی بەرلین» وێنە دەکەن، وەک هەندێک لە لیبرالەکان لە وتارەکانیاندا پێشنیاری دەکەن، لایەنێکی تری ڕاستی لەبەر چاو ون دەبێت کە کەمتر باس دەکرێت بەڵام کەمتر گرنگ نییە. چونکە ئەو تێوانینانەی کە لایەنگری ڕووداوەکان دەکەن وەک یارییەکی دووانەیی کە تیایدا لایەنێک سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە بەدەستدەهێنێت لە کاتێکدا لایەنی تر تووشی شکستی ڕەها دەبێت، لە قۆناغی واقیعی جیۆپۆلەتیکی و ئاڵنگاریەکانی بەئاگان. لە ململانێکاندا وەک ئەوانەی ناوچەکە تیدایە، هەرچەندە لایەنە ململانێکارەکان هەرچییەک بن، زەرەرمەندکان زەرینە شەواز دەن و هەموان دەگرنەوە، جا لە ئاستی سەربازی، ئابووری و تەنانەت لە پێکهاتەی سیستمی و پێکهاتە هەنووکەییەکاندا بێت.

تێکشکاندنی خەیاڵی «سەرکەوتنی سفری»

چواندنی سیستمی ئێران بۆ ئەمانیای نازی لە رۆژە کۆتاییەکانیدا جڕوبزکە لە «پەوانەی هەوا» نیشان دەدات کە ڕەنگە لە قۆناغی شیکاریدا کەموکوڕی هەبێت. کۆتایی پێشبینکراوی سیستمی ئێران، بەپێی ئەو دەرەنجامانەی کە لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی قووڵ بنیادنراون، تەنها سنووردار نابێت بە شکستێکی سەربازی. بەڵکو پێدەچێت کۆتاییەک بێت کە تێکشکانی پێکهاتەی ئایدۆلۆژی لە بەرژەوەندی بەهەزکردنی بیرکەی «دەوڵەتی نیشتمانی» بگرێتەوە. ئەم کۆتاییە لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتکانی ڕێبەردا دەردەکەوێت، و ناچارکردنی سیستمی بۆ کرانەوە بەرامبەر نێتەوە پڕاوپڕخڕاوەکان وەک کورد، ئەحواز و بلووچ، لەگەڵ هەوەشاندنەوەی سنووردارکردنە یاساییە تەنگژەکان کە هەکاری گۆشەگیربوونی ئێران بوون لە دەوروبەری ناوچەیی و نەودەوڵەتیدا.

